# لەئەبلّەق  بوونەوە بۆ هەڵوێست گرتن

**ڕزگار عومەر**
rezgar70ca@yahoo.com

**هەمووومان کەم تازۆر ، چ لە دەرەوە چ لە کوردستان ، شەریکی سەرسامی و ئەبلّەق بوونێکی تەواوین ، لە بەرامبەر تاوانەکانی باندی تیرۆریستی شێخ زانا . زۆر هۆ هەیە وای کردووە ئێمە سەرسام بین ، ڕەنگە یەکێ لەو هۆیانە ، هاولاّتی کوردی لە دوای ئەنفال و ڕووخانی سەدامەوە ، یەکە مجارە تاوانبارانی کۆکوژیەکی هێواشی هاولاتیانی خۆی ببینێ ، کە پالّەوانەکان بە کوردیەکی سادە ، بە خوێن ساردیەکی زۆرەوە ، شەرحی داستانی فاشیزمێکی تازەی ئۆرگانایەز دەکەن ، فاشیزمێك بە زمانی جیهاد دەدوێ ، بە میسۆدی بەربەریەتێکی خوێناوی دەیەوێ حەقی خەوبینین ، حەقی ژیان لە سادەترین ستاندارەکانی خۆی ،تەنانەت لە شێوەی بژێوی لە ڕێگەی گولّە بەرۆژە فرۆشتنیش بە ڕەوا نەبینی ، بەربەریەتێك کە بەزمانی دیفاع لە موقەدەسات ، دەستێکی لە سەر ڕزیوترین گرێ دەرونیەکانی سادیزمی کەسێتی جەلادە ، دەستەکەتری لە سەر کامیرای ڤیدیۆیە، تا لە ڕێگەی بە دۆکیومێنت کردنی چالاکیەکانی ، خۆی ببەستێتەوە بە هێزێکی گەورەتر و لە شکرێکی تری گەورەتری جیهاد لە عێراق و لە جیهان .**

**بەشێکی گەورەی ئەبلەق بوونی هاولاّتیانی کورد ، بە ووردەکاریەکانی تایبەتمەندیەکانی ئەو باندە ، پەیوەندیە سێکسیەکانی نێوان ئەندامانە ، پێش ئەوانیش لە گرتنی تاوانبارە عەرەبەکانی موسڵ و باشوری عیراق ، تاونبارەکان باسی ئەوەیان دەکرد ، لە چەندین تاوانی کوشتنی ژن و کچاندا پێش کوشتن  ئیغتسابیان دەکردن ، واتە لە ئیشی تاوانباری ژیر ناوی جیهاد سێکس ئامادەیەکی ڕۆژانەی ژیانی باندەکان وهەڵمەتەکانی کوشتنە ، پاکانەی شێخ زانا بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیە دەیبەستێتەوە بۆ زەمانەت کردنی دڵسۆزی ئەندامەکان بە کارهێنانی وەکو هەڕەشە بۆ کەسب کردنی کەسانی تر ، پسپۆڕەکانی کوردیش چ لە ووتارەکانیان چ لە چاوپێکەوتنەکانیان زیاتر لە سایکۆلۆژی بوونی دیاردەکە دەدوێن ، منیش پێم وایە هەردوو لێکدانەوە ڕاستە ، بەلاّم لە پالّ ئەم ڕاستیە ڕاستی تر هەیە ، کە بەرهەم هێنەری لۆژیکی دەست بردنە بۆ سێکس چ لە پەیوەندی ئەندامان چ ئەو کاتەی ئەندامان بەر لە کوشتن پەلاماری قوربانیەکان دەدەن ، کە ئەویش پەیوەندیەکی پتەوی بە چەمکی " حەلال " کردنەوە هەیە ، ئەم حەلال کردنە لە ئاستی جیاوازدا عەمەلی دەکرێتەوە ، چ لە پەنا بردن بۆ فەتواو شەرع ، چ لە تەفسیرە شەخسیەکان وەکو ئەوەی زانا دەرخواردی ئەندامەکانی دەدا ،  دەرفەتی عەمەلی دەداتە کەسێتی تاوانبار کە لەزەتێکی فرە ڕەنگی دەست بکەوێ ، لە جەستەی جیاوازدا ، ئەم لەزەتە شان بە شانی موتوربە کردن بە ئایدەلۆژی جیهاد ، ئیشتیاق و حەزی چوونە بەهەشت ، چالاکی لە دوای چالاکی لە جیهانبینی ئەم جۆرە لە کەسێتی زیاتر دەکا ، بە تایبەتی هەمیشە وێنەی بوونی حەفتا حۆری  لە پاداشتی خۆ بەخت کردنا وەکو تەوازونێکی مەعنەوی ، بەلانس کردنی هەست و قەلەقی لە دەست چوونی ژیان ، بۆ سەقامگیری بەردەوامبوونی ئەو جۆرە کەسێتیە دابین دەکا .**

**ئێمە دەبێ بە چاوێکی ڕەخنە گرتنەوە سەیری هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگەی کوردی بکەین ، لە باری سەرسامیەوە بێینە دەر ، دان بە دەرکەوتە ترسناکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بنێین ، زەمینەکانی توند و تیژی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پانتایەکی گەورەی هەیە ، دە بە قەدەر ژیانی خۆش و دڵنیایە ئابوریەکانی دەوڵەمەندەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ، کە شێخ زاناش بەتوانا ئابوریەکانی یەکێکە لەوان ، هەژاری و بێ ئاسۆیی و ئیحباتی کۆمەلایەتی لەو کۆمەڵگەیە ڕەگ دادەکوتێ ، تا سەنتەرێکی ڕۆشنبیری دەکرێتەوە ، سەدان مزگەوت ی تازە دەکرێتەوە ، تا ڕۆژنامە نوسێك لە سەر سوکە ڕەخنەیەك لە زیندان و دادگا نەجاتی دەبێ ، هەزاران سی دی کوشتن بڕین بێ لێپرسینەوە لە جادەکان دەفرۆشرێ ،  دەسەلاّتێك ناتوانێ دیفاع لە ئاسایشی کۆمەڵگە بکا ، ئەگەر بێجگە لە نەیارانی ، ئەو دەسەلاّتە خۆشی  بە زمانی موقەدەسات و موحەرەمات کۆمەڵگە بینا بکا ، هەڵوێست لە بەرامبەر ئەو فاشیزمە تازەیە ، لە ڕەخنە گرتنە لەو هموو ئەو میکانیزمانە دەست پێ دەکا ، کە وەکو کارگەیەکی بەرهەمهێنان زەمینە بۆ دروست بوونی دەیان باندی تر فەراهەم دەکا .**